# بەشی وەسیەت کردن بۆ پاش مردن (الوَصِيَّة)[1]

**وەسیەت کردن پێویست (واجب)ە لەسەر هەر کەسێك شتێکی هەیە وەسیەتی پێ بکات**[2]

---

(1) (وَصي) لە زمانی عەرەبیدا واتە : گەیاندن ، دەڵێی (وَصىَ الشَّىْءُ بِغَيْرِه وَصْيًا) واتە : ئەو شتەی گەیاند بەشتێکیتر . وە کابرای وەسیەت کەر (الموصي) واتە : ئەوشتە دەگەیەنێت ، کەلە پێش دا لەژیانیدا هەبووە ، بۆ پاش مردنی خۆی ، ئەمە لە زمان دا ، وە لەشەرعیش دا (وَصِيَة) : ئەو بەخشینەیە کە مرۆڤ لەپاش مردنی خۆی بەکەسێکی تری دەبەخشێت .

(2) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە کەلە سورەتی (البقرة :180) دا دەفەرمویٚ : ﴿كُتبَ عَلَيْكُمْ إذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ المَوْتُ إنْ تَرَكَ خَيْرَاً الوَصِيَّةُ للْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِيْنَ بالمَعْرُوف حَقًّا عَلَى المُتَّقِينَ﴾ واتە : پێویست کراوە ونوسراوە لەسەر هەر کەسێك لەئێوە چی کاتێك مەرگی نزیك بویەوە ، ئەگەر ماڵێکی لەپاش خۆی بەجێهێشتبوو وەسیەت بکات بۆ دایك و باوك و نزیکانی خۆی ، ئەمەیش حەقە و ئەرکە لەسەر باوەڕدارە خۆپارێزەرەکان دەبێت ئەنجامی بدەن . **زانایان دەفەرمن** : ئایەتەکانی میرات کە دابەزین (نسخ)ی پێویست (واجب) بوونی وەسیەتی کرد بۆ دایك و باوك و ئەو نزیکانەی کە میراتیان بەر دەکەوێت ، بەڵام ئەو ئایەتانە (نَسْخ)ی (واجب) بوونی وەسیەتی نەکردوە بۆ ئەوانەی کە میراتیان بەر ناکەوێت . وە لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**مَاحَقُّ إمْرِيءِ مُسْلِمٍ يَبِيتُ لَيْلَتيْنِ وَ لَهُ شَيءٌ يُرِيدُ أَنْ يُوصي فِيْهِ إلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ**)) واتە : حەق نیە بۆ هیچ مرۆڤێکی موسڵمان کاتێك شتێکی هەبێت بیەوێت وەسیەتی تیدا بکات دووشەو بەسەریدا بخەوێت مەگەر وەسیەتەکەی نوسیبێتەوە و لەلای سەری خۆی دا دانابێت [رواه البخاري (2738/355/5) ومسلم (1627/1249/3) واصحاب السنن] .

**تێبینی :**

**وە حەرامە و دروست نیيە ئەگەر مەبەستی بەو وەسیەتە زیان لیّ دان بیّت** ()

سوننەتە پیّشەکی وەسیەتەکە . بەم شیّوەیە دەست پیّ بکات : (أنَس) (خوای لیّ ڕازی بیّت) دەفەرمویّ : هاوەڵان لە پیّشەکی وەسیەتەکانیان دا ئەمەیان دەنوسی : (**بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيْمِ . هَذَا مَا أَوْصَى بِهِ فُلاَنُ ابْنُ فُلاَنٍ ، يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَشَرِيْكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَ رَسُولُهُ وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لارَيْبَ فِيْهَا وَأَنَّ اللهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي القُبُورِ**) وە وەسیەت بەو کەس و کارەی بکات کە بەجیّی هیّشتون کەوا لەخوای گەورە بترسن و نیّوانی خۆیان چاك بکەن و گویّ ڕایەڵی فەرمانەکانی خوا و پیّغەمبەری خوا بن ئەگەر باوەڕدارن ، وە وەسیەتیان پیّ بکات بە وەسیەتەکەی (إبْرَاهِيْم و يَعْقُوب) کە وەسیەتی کوڕەکانیان کرد : ﴿يَا بَنِيَّ إِنَّ اللهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّيْنَ فَلا تَمُوتُنَّ إلاّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ . (البقرة :132) [رواه الدرا قطنی (16/154/4) والبیهقی (287/6) وهو صحیح بڕوانە الارواء (1647)] .

() لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :12) دا کە دەفەرمویّ : ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍ وَصِيَّةً مِنَ اللهِ وَاللهُ عَلِيْمٌ حَكِيْمٌ﴾ واتە : وە ئەم میرات دابەش کردنەیش ، پاش جیّ بەجیّ کردنی هەر وەسیەت کردن و قەرزاری دانەوەیەك دەبیّت — بەو مەرجەی وەسیەتەکە بۆ میرات بەرەکان — زیانی نەبیّت ئەمە وەسیەتیّکە لەلایەن خوای گەورەوە وە خوای گەورە خۆی زاناو دانایە . (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بیّت) دەفەرمویّ : (الإضْرَارُ فِي الوَصِيَّةِ مِنَ الكَبَائِرِ) واتە : زیان گەیاندن لە وەسیەت کردن دا لە تاوانە هەرە گەورەکانە [رواه سعید بن منصور (343/109/1) والدار قطني (7/151/4) وابن كثير في تفسيره (471/1) وقال : والصحيح موقوفاً ، وهو كما قال . بڕوانە (الروضة الندية باب الوصية]. وقال بعدها : (وَقَدْ رَوَى جَمَاعَةٌ مِنَ الأَئِمَّةِ الإجْمَاعِ عَلَى بُطْلانِ وَصِيَّةِ الضِّرَارِ) .

وە نموونەی زیان گەیاندن ئەوەیە کەوا کابرای وەسیەت کەر قینی لە هەندیّ لەمیرات بەرەکان هەبیّت ، جا بۆ ئەوەی بیّ بەشیان بکات لە میراتەکەی‌دا ، وەسیەت

**یان وەسیەت بەتاوان بکات .** (□□□) **وە دروستیش نییە ئەو وەسیەتە بۆ کەسێك بکات کە میراتی بەر بکەوێت** (□□□) **وە نابێت لەسێیەکی ماڵەکەی زیاتر بکاتە وەسیەت** (□□□)

---

دەکات — بۆ نموونە — نیوەی ماڵەکەی بکرێتە مزگەوت ، یان دابەش بکرێتەوە بەسەر هەژاران دا ، یان هەرشتێك کەوا ئەوان لەو پارەیە بێ بەش بکات .

(□□□) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**إنَّ اللهَ تَصَدَّقَ عَلَيْكُمْ عِنْدَ وَفَاتكُمْ بِثُلُث أَمْوَالكُمْ زِيَادَةً لَكُمْ فِي أعْمَالِكُمْ**)) وفي رواية ((**زِيَادَةً لَكُمْ فِي حَسَنَاتِكُمْ لِيَجْعَلَهَا لَكُمْ زِيَادَةً فِي أعْمَالِكُمْ**)) واتە : خوای گەورە لەکاتی مردنتان دا سێیەکی ماڵی پێ بەخشیون کەوا کردەوە چاکە کانتانی پێ زیاتر بکەن [رواه ابن ماجة (2/904/2709) والبيهقي (6/269) و رواه احمد (6/440 – 441) أيضاً من حديث ابي درداء . وهو حسن بڕوانه الإرواء (1641) وصحيح ابن ماجة (2190)] .

(□□□) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ خَارِجَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**إنَّ اللهَ أَعْطَى كُلَّ ذِيْ حَقّ حَقَّهُ وَلاَ وَصِيَةَ لِوَارِثٍ** ...)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە وە ئەوەی میراتی بەر دەکەوێت وەسیەتی بۆ نییە [رواه ابن ماجه (2/905/2742) وابو داود(8/رقم2853) والترمذي (3/293/2203) وهو صحيح بڕوانەصحيح إبن ماجە(2194) و الإرواء (6/88 – 89) و رواه ابن ماجه من حديث (ابى أمامة الباهلى وانس بن مالك) بڕوانە صحيح ابن ماجه] .

(□□□) لەبەر فەرموودەکەی (سَعْدُ بنُ أَبِي وَقَّاص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ووتم ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمەوێت وەسیەت بکەم بە هەموو ماڵەکەم — لەوکاتەی کە نەخۆشییەکی زۆر گرانی گرتبوو — فەرمووی : ((نەء)) ووتم : ئەی نیوەی؟ فەرمووی : ((نەء)) ووتم : سێیەکی؟ فەرمووی : ((**فَالثُّلْثُ وَالثُّلْثُ كَثِيْرٌ ، إنَّكَ إنْ تَدَعُ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيرٌ مِنْ أَنْ تَدعَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ فِي أَيْدِيْهِمْ ، وَإنَّكَ مَهْمَا أَنْفَقْتَ مِنْ نَفَقَةٍ فَإنَّهَا صَدَقَة حَتَّى اللُّقْمَةَ تَرْفَعُهَا إلَى فَيِّ إمْرَأَتكَ وَعَسَى اللهُ أَنْ يَرْفَعَكَ فَيَنْتَفِعُ بِكَ نَاسٌ وَيُضَرَّ بِكَ آخَرُونَ ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ يَوْمَئِذٍ إلاّ إبْنَة**)) واتە : دە سێیەکی بکە بەوەسیەت ، وە سێ یەکیش زۆرە ، چونکە تۆ میرات بەرەکانت بە

**وە دەبێت پاش دانەوەی هەموو قەرزێك – قەرزی خوابێت یان قەرزی ئادەمی – جێبەجێ بكرێت** . (□□□)

---

دەوڵەمەندی بەجێ بهێڵیت باشترە لەوەی بە هەژاری بەجێیان بهێڵیت ، دەست لە خەڵكی پان بكەنەوە – سواڵ بكەن – وە تۆ هەر بەخشینێك ببەخشیت ئەوە چاكە و خێرە ، هەتا ئەو تیكەیەی كە بەرزی دەكەیتەوە بۆ دەمی ژنەكەت ، بەڵكو خوای گەورە بەرزت بكاتەوە – تەمەنت درێژ بكات – جا خەڵكانێك بەهۆی تۆوە قازانج بكەن – كە موسوڵمانان بوون – وە كەسانێكی تریش بەهۆی تۆوە زیا نیان لێ بكەوێت – كە فارسە ئاگر پەرستەكان بوون – ، وە لەو ڕۆژەدا منالّی نەبوو تەنها كچێك نەبێت [رواه البخاری (5/رقم/2742) وهذا لفظة و مسلم (1628/250/3) وغیرهما] .

وە لەبەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ئەگەر خەڵكی وەسیەت كردنیان كەم بكردایەتەوە بۆ چواریەك ئەوە باشتربوو ، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**فَالثُّلُثُ ، والثُّلْثُ كَثيرٌ**)) [رواه البخاری (5/رقم/2743) ومسلم (1629/1253/3)] .

(□□□) لەبەر فەرموودەكەی (سَعْدُ بنُ الأطْوَل) (خوای لێ ڕازی بێت) ، كەوا برایەكی مرد و سێسەد (300) درهەمی بەجێ هێشتبوو ، وە منالّیشی بەجێ هێشتبوو ، جا ویستم لەسەر منالّەكانی خەرجی بكەم ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**إِنَّ أَخَاكَ مُحْتَبَسٌ بِدَيْنِه فَاقْضِ عَنْهُ**)) واتە : براكەت گیر دراوە بەهۆی قەرزاریەكەیەوە ، جا بۆی بیدەرەوە ، جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! بۆیم داوەتەوە جگە لەدوو دینار نەبێت ، ئافرەتێك داوای دەكات و هیچ بەڵگەیەكی نیە . فەرمووی : ((**فَأعْطِهَا فَإِنَّهَا مُحِقَّةٌ**)) واتە : دە بیدەرێ ، چونكە ئەوە ڕاست دەكات [رواه ابن ماجه (2433/813/1) وهو صحیح بروانە صحیح ابن ماجه رقم (1973)] .

ئیمامی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاریدا كەوا قەرز پێش وەسیەت بدرێتەوە ، وە ئێوە لە قورئان دا دەخوێننەوە ﴿مِنْ بعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ [رواه ابن ماجة (2715/906/2) و الترمذي (2205/294/3) وهو حسن بروانة الإرواء (1667)و صحیح ابن ماجة (2195)] .

## تێبینی :

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی لە ئایین دا شتی تازە زۆر دادەهێنن (يَبْتَدِعُونُ فِي الدِّيْنِ) بە تایبەت لەمەسەلەی یاساکانی جەنازەدا ، بۆیە پێویستە موسوڵمان وەسیەت بکات کەوا ئامادە کردنی — هەر لەشۆردنەوە و کفن کردن و نوێژ لەسەر کردن و دەفن کردن هەمووی — لەسەر سوننەت بکرێت وە پاش دەفن کردنیش گۆڕەکەی بەرز نەکەنەوە و چەمەنتۆ و کەچی نەکەن ، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (التحريم :6) دا کە دەفەرموێ : ﴿ياأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنوُا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَ أَهْلِيْكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلاَئِكَةٌ غِلاَظٌ شِدَادٌ لايَعْصُونَ اللهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕ دارن خۆتان و کەس و کارتان لە ئاگرێك بپارێزن کە سوتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە چەند مەلائیکەیەك بەسەریەوەن ، درژ و توند و تیژن ، هیچ بێ گوێی خوای گەورە ناکەن ، لەو فەرمانانەی کە پێیان دەکات ، وەئەوە جێبەجێ دەکەن کە فەرمانیان پێ دەکات . جا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پیاو چاکە پێشینەکانی ئەم ئوممەتە وەسیەتیان بەمە کردوە ، وە (أَثَر)یش لەم بارەیەوە زۆرە، لەوانە : لە (عَامِر)ی کوڕی (سَعْد بن أبي وَقّاص) خوای گەورە لە (سَعْد) ڕازی بێت و لە (عَامِر)یش خۆش ببێت دەگێڕێتەوە : کەوا باوکی لەو نەخۆشیەی دا کە تێیدا وەفاتی کرد فەرمووی : ((أَلْحِدُوا لِي لَحْداً وَأَنْصِبُوا عَلَيَّ اللَّبِنَ نَصْباً كَمَا صُنِعَ بِرَسُولِ اللهِ (ﷺ) )) واتە : ئەڵهەدم بۆ بکەن وە خشتم لەسەر بچەقێنن وەکو بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا ، بڕوانە [احكام الجنائز للالباني (ل8)] .

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی وەسیەت کردن کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی میرات بەشکردن**

لەبلاۆکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێبوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com